د یکی شووی کردووتەوە . بەڵکە زۆر بە هەستێکی جوان داك براکانیشی خۆش دەوێ‌و حەزدەکا بیانبینێ پێی وایە کە شێوەیان لە شێوەی خوشك‌و براکانی تری دەچێ .

شتێکی تر هەیە کە خۆشەویستی‌و ڕێزی کورەی سەفەرکردوو بۆ دایکی زۆر بە هۆی ئەوەیە ، کە ئەوو دایکی هەردووکیان زۆر لێکراون . ئەوەتە دایکی ژنی بە سەر هاتووەو دەرکراوەو لە منداڵەکانی خۆی دوور خراوەتەوە . کوڕەش لە ماڵ دەرکراوەو ناچار بووە دە ساڵ شاران بگەڕێ‌و دەردی غەریبی بکێشێ .

ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی دایکی زیاتر خۆش بووێ‌و ڕقیشی لە باوکی ببێتەوە ! !

ئەم ڕق لە باوك بوونەوەیە پەڕیوەتە نێو چیرۆکی (تەرم)یش بەڵام ، بە شێوەیەکی تر . کوڕە نایەوێ‌و ناشوێرێ شەو بە تەنیا لە دیار جەنازەی باوکی ئێشك بگرێ . بە تەنیاو لە ژوورێکیشدا . چونکە نابێ بنێژرێ . هەتا مامی نەیەت ، کام مام؟ ئەو مامەی دوو مانگەی براکەی لە نەخۆشخانە کەوتووە ، کەچی زەحمەتی سەردانێکی نەکێشاوە ! ! ئێستاش بە پێ‌ی ڕەسم‌و عادەت دەبێ جەنازەکە تەقەت نەکەن هەتا برای لە دیار نەبێ .

لەم چیرۆکە کاك سەلاح لە سەر دوو شت زۆر پێ دادەگری . یەك مەسەلەی باری خزمایەتی‌یە ! بە ڕاستی لەوەش کاك سەلاح چاکی کردوە ئەو مەسەلەیەی وروژاندووە ، چۆن ئەمڕۆ ئەم لێك ترازانەی ئەندامەکانی نێو هەر خێزانێکی گرتووتەوە

ئەوەتە پەڕیوەتە نێو خزم‌و کەسیش ! ئەو برایەی تائێستا هیچ برایەتیەکی بەرامبەریان نەنواندووە . دەبێ چاوە ڕێ بکرێ ، تا دێت ئەوسا مەیت بنێژرێ . بەم شەوەش تا دەگات دە بێ کوڕە ئێشك بە دیار جەنازەوە بگرێ . بێ ئەوەی خزم‌و کەس (بە پێ‌ی چیرۆکەکە) کەسیان زەحمەتی ئەوە بکێشن شەو ئێشکی لە گەڵ بگرن ! ! کوڕەش زۆر بە ترس‌و بێزاری‌یەوە ڕقی لە مام‌و خزمەکانی دەبێتەوەو لە جەنازەی باوکیشی دە ترسێ ، ئەو ترسە هۆیەکی تریشی هەیە . ئەویش ئەوەیە کوڕە لە منداڵی‌یەوە دڵ‌و مێشکی پڕ ترس کراوە . بە باسی مردن‌و گۆڕستان‌و ڕوحکێشان‌و ئەجندە !

لێرەش کاك سەلاح پەنجە بۆ هەڵەیەکی گەورەی پەروەردەکردن ڕادەکێشێ . کەدایك و باوك‌و کۆمەڵ لە خۆڕا دڵی منداڵەکانیان هەر لە منداڵی‌یەوە ترس ئاژن دەکەن ، کوڕەش بەم نەخۆشی‌یە دەروونی‌یەی سەردەمی منداڵی‌و بەم هەموو ناکۆکی‌و ڕقەی ئێستای . بیر لە شەوی ئێشك گرتن دەکاتەوەو دەکەوێتە هێنان‌و بردن ! هەتا دێ ڕقەکەی لە خزمەکانی ئەستوور تر دە بێ چۆن کە (مرۆڤ کە لێ‌ی قەوما خزم‌و دۆستی دێنە بڕانی) ل ١٢٤ کوێخا سێوی[٤] کوڕە نە پێش نەخۆشی‌و نە لەوەختی نەخۆشی‌یەکەی باوکی‌و نە ئێستاش ، هیچ چاکەیەك لە خزمەکانی‌و مامی نابێنی ، بۆیە زۆری لە بار گرانە ، ئەو ئێشك بە دیار جەنازەی باوکی‌یەوە بگرێ هەتا مامی دێت ! ! هەتا پتر بیر لێ‌دەکاتەوە ڕقەکەی ئەستوور تر دەبێ .

ئەوە هەر پاڵەوانی (تەرم) نیە ڕقی لە خزمەکانی دەبێتەوە ، ئەوەتە هێمنی شاعیر لە ترسی خزمی خوێڕی‌و وڵاتەکەی بەجێ دێڵی‌و بە پێ‌یان نەك بە سواری ماینی گوێ لەق هەڵدی‌و هاوار دەکاو دەڵێ :

من لە داخی خزمی خوێڕی‌و ئاشنای ئەحمەق هەڵاتم[٥] !

ئەم ڕق‌و بێزاری‌یە هەر تەنیا لە خزم‌و ئاشنایان نیە ، ئەوەتە جارێکی تر لە چیرۆکی (ڕق) پەڕیوەتەوە نێو ئەندامانی خێزانێك ، چۆن پاڵەوان لەو دیوی دەرگا گوێی لێ‌یە لە نێوان خۆیان چی پێ دەڵێن‌و چۆنی باس دەکەن . ئەویش لە داخان بێزارو تورەتر دەبی‌و دەیەوێ تۆڵەیان لێ بکاتەوە . تۆڵەش بە لای ئەو هەر بەو شێوەیە دەکرێتەوە کە وەکو ئەوانی لێ بێ ! یان ڕاستر ناتوانی وەکو ئەوانی لێ نەیەت .

دەڵێ : (منیش نا توانم نەبم بە جانەوەر بەکرم . . بە دار بە

